www.kurdistannet.org

8-10-2007 21:39بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

ڕێبوار ... بەکرحەبیب

ڕێبواریکی نەحەساوەم
شاعیرێکی بێ هۆنراوەم
بۆ باوەشی گەرم و گوڕت
بۆ دوو لێوی سینە برِت
هاتووم و دەرگاکەت دەگرم
بەماچ سەرکوڵمەت بۆ بسڕم
بۆ ڕوخساری پەری وجوانت
بۆ گووشینی قامکەکانت
ئەم ڕێگە دوورەم بریوە
کۆشکی هیوام هەڵچنیوە
شەرتە گەر وەڵامم نەدەی
حەزی شێتم ساکن نەکەی
دووا مەنزڵ بی ووڵاتی تۆ
بۆ ئەم شەهیدەی عەشقیتۆ
لە سەر گڵکۆکەم لەمشارە
بنووسە عاشقی ئاوارە
کە بینیتی چاوی ماندووم
ئەوسا ئاسودە تێر دەنووم

2004-6-15

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.